# دوارۆژەکانی ڤیکتۆر

**سەردار عەزیز**

ناویان ناوە ڤیکتۆر. بەتەنها جیا لە هەموان بۆخۆی ژورێکی دوو بەسێ هەیە. چەند ساڵی لەمەوپێش لە کونێکا دۆزیانەوە. هەرچەندە ئێستا ڕوومەتێ ماندوو و ریشی درێژی ماش و برنجی و قژێ رەشی هەیە، بەڵام ئەم جاران وانەبوو. ئەم لێرە بەندە تا ئەمرێ. ڤیکتۆر بەم زووانە ئەمرێ. بەڵام نابێ لێرە لەم بەندیخانەیەدا بمرێ. مەرگی ئەم پیرەمێردە ریشنە، کۆتایی و سەرەتایە بۆ زۆر دیاریدە. "چەندسەیرە، من دەبێ هەمیشە لە خەمی ئەو دابم نەمرێ، بۆ ئەوەی بەشێوەیە تایبەت بمرێ". ئەوەی وەهای بە خۆی ئەوت مارینزێکی ئەسمەری، تەمەن 56 ساڵ بوو. کە ناوی ئیلیسە، ڕۆبرت ئیلیس. لە ئەمریکا خەڵکی شارێکە پێی دەڵێن نۆرماندی. ئەم مەرینزە پیشەی وەک نیمچە پزیشکە. لەوەتەی هاتوە بۆ عێراق کاری چاودێریکردنی ڤیکتۆر و ئامۆزاکەیەتی. ئەو سەربووردەی زۆری دەربارەی ڤیکتۆر بیستوە. هەرچەندە هەندێ جار دڵگرانە بەرامبەر بە خزمەتکردنی بەڵام هەمیشە بەخۆی دەڵێت من وەک سەربازێ کاری خۆم رائەپەرێنم.

ڤیکتۆر، دوا نازناوی ئەو پیاوەیە کە چەند دەیەیەک بەبێ بەربەرەکانێ لەم وڵاتەدا سەرۆک بوو. ئەو ژمارەیە بێشومار نازناوی هەبوو؛ نازناوی گەورە و ترسناک. هەرچەندە ئەم دوانازناوەی بە مانای سەرکەوتن دێت، بەڵام جگە لە رابواردن هیچی ترنیە. لە هەمانکاتدا هەموان لەوە ئاگادارن، ئەوان تەنها بۆ رابواردن سەرۆکیان ناو نەناوە ڤیکتۆر، ئەوان مەبەستیانە بیشارنەوە. بیشارنەوە لەوانی تر.  ئیلیس و ڤیکتۆر پێکەوە گفتوگۆئەکەن. هەرچەندە زۆر جار لەیەکتری ناگەن بەڵام بە دەست راوەشاندن و  ئیشارەت هەوڵئەدەن پەیوەندی بکەن.

ڤیکتۆر بەردەوام جگەرە ئەکێشێ و زۆریش قاوە ئەخواتەوە. ئەم بروای وایە. جگەرە و قاوە پاڵەپەستۆی خوێنی رائەگرن، ئەگینا بەرزئەبێتەوە. ڤیکتۆر ئەوەندەی نەماوە بگاتە حەفتا، بەڵام ناگات. ئەگەر جاران بوایە دوکتۆری زۆر و زانا لەوڵاتی سەیر و دوورەوە دەهاتن، تاتەمەنی ڤیکتۆر درێژکەن، ڤیکتۆر قۆزکەن، ڤیکتۆر دەردی خودئەڤینی هەبوو. بەڵام ئێستا جگە لە تەنیا مەرینزێ رەش رۆژی دووجار فەحسی ئەکات، کەسی تر بەدەوریا نیە.

لە کامپی کرۆپەر، ڤیکتۆر لە ژورە تەنیاکەیا پارێزراوە. لەوێ دەستشۆرێک و کۆمەڵێ کتێب و قورئانێک و دەفتەرێک و بەرماڵێکی هەیە. ڤیکتۆر دەوێ ببێتە کەسێ سادە. شیعر دەنووسێ، نوێژئەکات، باسی ئەو رۆژانە ئەکات کە لەگەڵ مناڵەکانیابوو. ڤیکتۆر کە ئێستا لە دەرەوەی دەسەڵاتە ئەوەندە بیری لێناکاتەوە، یان هیچ نەبێ لەگەڵ مارینزە رەشەکەی هاورێیا باسی ناکات.

ڤیکتۆر جارێکیان لە نانخواردن مانیگرت. ئەو لەبەر کارێکی سیاسی یان داوایەکی مرۆڤانە مانی نەگرت. سەیرە ڤیکتۆر ئەو هەموو ساڵە سەرۆک بوو بەڵام هیچ باسی سیاسەت ناکات. ڤیکتۆر بۆیە مانیگرت چونکە لە پەنجەرەیەکی شیشە بەندەوە وەک سەگ خواردنیان بۆ فرێئەدایە بەردەمی. کە لێیان پرسی ڤیکتۆر بۆچی مانئەگریت، ئەو لە وەڵامدا ووتی؛ نامەوێ وەک شێر خواردنم بۆ فرێدەن. دوای ئەوە لە دەرگاوە خواردنیان دایە ڤیکتۆر، ئیتر ئەویش وازی لە مانگرتنەکەی هێنا و هێمن بووەوە.

ڤیکتۆر وەک خۆی دەڵی، لە مناڵی و لاوێتیا جوتیاربوو، ئەو رۆژانەی کە رێگایان ئەدا لە ژورەکەی  بێتە دەرەوە،  ئەو ووردە نانانەی کە لێی ئەمایەوە بۆ مەل و چۆلەکەکانی فرێئەدا و

درکودالەکانی دەوری ژوری بەندیەکەی ئاوئەدا. مایەی سەرسورمان بوو کە ڤیکتۆر بایەخ بە رووەک و ئاژەڵان بدات، هەست بەتەنیای بکات، داوا لە ئیلیس بکات بۆئەوەی لەگەڵیا بمێنێتەوە چونکە ئەو نایەوێ بەتەنیا نان بخوات. ڤیکتۆر جاری بە ئیلیسی ووت ئەو هەرگیز لە بیری ناچێ کە لە کوێو هاتوو، ئەو لادێیەکی جوتیارە.. هەموو شتێ ئیلیس دەربارەی ڤیکتۆر دەیزانی دەربارەی رۆژانی دەسەڵاتی بوو، حیکایەتی کوشتن و قاتوقری و شەری ووڵاتە و ووڵات، بەڵام هیچی دەربارەی منالی و لاوێتی ئەو نەئەزانی. بۆیە هەرکە ڤیکتۆر باسی ئەو رۆژانەی ئەکرد، ئێلیس تەنها سەری بۆ ئەلەقاند.

ڤیکتۆر رۆژێ دەربارەی سیاسەت پرسیاریکرد. ئیلیس؛ ئێوە بۆچی هاتن ووڵاتەکەمتان داگیرکرد، من سەرۆکێکی باش بووم، هەرچیەکم کرد بۆ ووڵاتەکەم کردم. ئایا ڤیکتۆر نازانێ بۆچی ووڵاتەکەی  داگیرکراوە، یان لە دەست ئەو رزگارکراوە. بەڵام ئیلیس لە وەڵاما بە ڤیکتۆری گووت: ئەوانەی تۆ باسی ئەکەیت، ڤیکتۆر سیاسەتن، کاری من سیاسەت نیە، من تەنها سەربازێکی مەرینزم بۆیە ناتوانم وەڵامت بدەمەوە.

شایانی باسە ڤیکتۆر نازناوی سەددام حوسەین بوو کاتێ کە بەند بوو لە کامپی کرۆپەر. قسەکانی نێو ئەم دەقە بۆ رۆبرت ئیلس دەگەرێتەوە کە لە سەرەتای ساڵی 2004 ەوە تا مانگی ئابی 2005 سەرپەرشتیاری تەندروستی سەددام حوسەین بوو. رۆژنامەی پۆست دسپاچی ئەمریکی چاوپێکەوتنی لەگەڵدا سازکردبوو. شایانی باسە دەبێ رووداو وورد و درشتی ژیانی دیکتاتۆر ببێتە مایەی بەرهەمی ئەدەبی لە ئەدەبی کوردیا، چونکە دونیای ئەو ئەوەندە پر لە نهێنی و سەیرو سەمەرەیە تەنها لە توانای ئەدەبدا هەیە کە پەی پێبەرێت. ئەدەب ئەتوانێ بمانبات بۆ دونیایەکی واقیعی کە خەیاڵ خەیاڵی ترە. سەدام دیاریدەیەک بوو: کە تێکەڵەیەک بوو لە تاوان و نەخۆشی و خەیاڵ و بەرژەوەندی و پەیوەندیە سەیرەکان. هەر ئەدیبێک دەیەوێ ئەم رووداوە بکاتە بابەتی شانۆ یان چیرۆک لەلایەن منەوە ئازادە. ئەگەر بۆم بکرێت پێم خۆشە یارمەتی بدەم.

For any comments visit my blog

namoy.blogspot.com